Research Center

10-08-2020

# دیجیتاڵمیدیا و سیاسەت؛رکابەریی هێزداری و سەرکوتکاریی ئەلکترۆنی!

10-08-2020

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** سەرۆکی ئەمریکا بڕیاریداوە، مامەڵەکردن لەگەڵ تیکتۆک و ویچات-ی چین قەدەخە بکرێت. لەکۆتاییەکانی مانگی تەمووزدا، پەرلەمانی تورکیاش، بە وتەی خۆی بۆ "رێگرتن لە تاوان"، یاسایەکی لەبارەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت وسۆشیالمیدیا دەرکرد

**زریان رۆژهەڵاتی|**

**بەرایی**

سەرۆکی ئەمریکا بڕیاریداوە، مامەڵەکردن لەگەڵ تیکتۆک و ویچات-ی چین قەدەخە بکرێت. لەکۆتاییەکانی مانگی تەمووزدا، پەرلەمانی تورکیاش، بە وتەی خۆی بۆ "ڕێگرتن لە تاوان"، یاسایەکی لەبارەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت وسۆشیالمیدیا دەرکرد[1]کە، سزادان و تەنانەت داخستنی تەواوەتیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تێدایە ئەگەر پابەندی یاسا و بڕیارەکانی تورکیا نەبن. ئەمانەش تەنیا دوو نموونەی زیندوون لەسەر ئەوەی کە چۆنچۆنی دنیای مەجازیی دیجیتاڵمیدیا، لە دنیای حەقیقی دا ئاراستە بە سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکی وڵاتان دەدەن.

ئەم بابەتە وایدادەنێت کە بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمریکا لەبارەی ئاپە چینییەکانەوە ڕەهەندێکی قووڵی ململانێی هێزداریی لە پشتە و بڕیارەکەی پەرلەمانی تورکیاش، پاڵنەری نێوخۆیی گەورەی لە دواوەیە. لەمەودوا بەکارهێنانی ئینتەرنێت وسۆشیالمیدیا لە تورکیا زیاتر لەجاران کۆنترۆڵ دەکرێت و ئەمەش، حەڵقەیەکی دیکەی زنجیرەهەوڵی سیستەمە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەردوو دنیای حەقیقی و مەجازی!

دیجیتاڵمیدیا بۆ کوردستانیش پرسێکی زیندووە. لەلایەك دەرفەتێکی زێڕینی بۆ جیهانیکردنی پرسی کورد ڕەخساندووە و لەلاکەی دیکەوە، قەڵشی جەمسەربەندییە نێوخۆییەکانی سیاسەتی کوردیی زیاتر کردووە. وەرچەرخانێکی گەورەی لە بواری گەیاندن و وەرگرتنی پەیام، گلێرکردنەوەی خەڵك و رای گشتی، بەشداریکردنی سیاسەت و دیموکراسی درووستکردووە بەڵام هەر ئەوە نییە، دیوە تاریکەکەیشی ئەوەیە کە ئاسانکاری زۆری بۆ بڵاوبوونەوەی هەواڵی نادرووست، تاوان و ناوزڕاندن و دەستوەردانی دەرەکیش خۆشکردووە.

**دیجیتاڵمیدیا وململانێی هێزداریی جیهان**

ئەمریکا دوای زیاتر لە یەك مانگی دیکە هەموو جۆرە مامەڵەیەکی دارایی لەگەڵ بەرپرسان و خاوەنی هەردوو تۆڕی کۆمەڵایەتیی تیکتۆک و ویچات قەدەخە دەکرێت، ئەگەر سەرووسەودایەك لەسەر بابەتی خاوەنداریی ئەو دوو ئاپەدا روونەدات. ئەوەی ئێستا لە بەینی ئەمریکا و چین روودەدات ململانێیەکی فرەڕەهەندی هیزدارییە کە پەلی بۆ دیجیتاڵمیدیاش کێشاوە.

هێزداری لە سیاسەتی نێودەوڵەتی، گرێدراوی سیانەی زێڕو زۆر و زانایە. ئەگەر جاران رۆڵی زێڕ و زۆر بۆ هێزداری لە پێش بوون، ئێستا رۆڵی زانایی لە پێشە. زانایی بۆ خۆی بووەتە سەرچاوەی هێز و هەرکێ زانیاری و زانایی لابێت، هەم زۆردار ئەبێ و هەمیش دەبێتە خاوەنی سەروەرت! [2]

ئەمریکا نایەوێت باڵادەستی خۆی لە تەکنەلۆژیای زانیاری و دیجیتاڵمیدیا لە کیس بدات و چینیش وەك رکابەرێکی جیدی ئەو وڵاتە دەرکەوتووە. بەگوێرەی پێنوێنی توانستی هۆشی دەسکردی جیهان، ئەمریکا لە پلەی یەکەمدایە بەڵام ریك لە دوای ئەو چین دێت.[3]هێشتا بەڕێوەبردنی لانیکەم 13 سێرڤەری زەبەلاحی ئینتەرنێت هەر لەوێە و تا ئێستاش لە ئیدارەی ئینتەرنێتدا لە جیهان رۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە. هەڵبەت پیشکەوتنەکانی چین لەوبوارە و هەوڵدانی بۆ گەشەپێدانی5G، وەکوو هەڕەشەیەك لەسەر ئەو باڵادەستییەی ئەمریکا دەردەکەوێت.

نەك تەنیا ئەمریکا و چین، بەڵکوو ئەوە لە بەینی چین و هیندستانیشدا وەك دوو رکابەری ئاسیاییش روویداوە. ماوەیەك بەرلە ئێستا، هیندستانیش بەکارهێنانی نزیکەی 60 ئەپی چینی لە وڵاتەکەی قەدەخەکرد کە ویچاپ و تیکتۆتیشی تێدایە.[4]بەلەبەرچاوگرتنی زۆربوونی بەکارەبەر هێندییەکانی ئەپە چینییەکان، ئەمە دەتوانێت بەرلەهەموو شتێك گورزێکی ئابووری- سیاسی هیند لە پەکین بێت کە کێشەی زۆریان پێکەوە هەیە.

ئەپە گرنگەکان کە تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی هۆشی دەسکرد بەڕێوەدەبرێن، توانای کۆکردنەوە زانیاری جۆراوجۆریان لەسەر بەکاربەرەکانیان هەیە؛ هەر لە شوێنەوە بگرە هەتا ئاراستەی بیرکردنەوە و حەزەکانی مرۆڤ. هەڵبەت نەك تەنیا تیکتۆت و ویچات، بەڵکوو هەموو ئاپەکانی دیکەش لە فەیسبووکەوە بگرە هەتا تویتەر و...تاد، توانای ئەوەیان هەیە کە ئەو کارە بکەن. کاتێك ئەم زانیارییانەش لە ئاستی ملیۆنان کەس لەسەرتاسەری جیهان کۆبکرینەوە ئەوسا بایەخێکی ستراتیژی پەیدا دەکەن. چوونکە زانینی حەز و

دیدگای مرۆڤەکان، ئاسانکاری بۆ درووستکردنی بەرهەم بە گوێرەی خواستەکانیان و دانانی سیاسەتی گونجاو لەبەرامبەر ئەوان دەکات. ئەمە بێجگە لەو ئاسانکارییەی کە دەتوانێت لەڕووی ئەمنی و سەربازیشەوە بۆ دەوڵەتانی بکات. ئالێرەیەوە کە دیجیتاڵمیدیا تیکەڵاوی گەلێك بابەتی فراوانی ئابووری- سیاسی وسەربازیی نیودەوڵەتی دەبێت. لە هەندیك دوکتۆرینی سەربازیدا، فەزای سایبری، لە دوای خاك، دەریا، هەوا و بۆشایی ئاسمان وەك پێنجەمین مەیدانی شەڕ ناوبراوە. رکابەرییەکە لەسەر ئەوەیە کە ئەم زانیارییە ستراتیژییانە لەدەستی کام دەوڵەت بن و کام دەوڵەت دەتوانێت زیاترین زانیاریی لابێت.

**ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دیجیتاڵمیدیا**

لیرە لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست دیمەنەکە جیاوازترە لە رکابەرییەکانی نیوان چین و ئەمریکا  لەسەر باڵادەستیی تەکنەلۆژیای زانیاری. زۆربەی دەولەتەکانی ئێرە توانستی بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژییە بنچینەییەکانیان نییە و زیاتر بەکاربەرن. پرسی سەرەکی لێرەدا بۆ دەسەڵاتداران، ئەو بوومەلەرزەیەیە کە بەهۆی فراوانبوونی بەکراهێنانی دیجیتاڵمیدیا بۆ دەسەڵاتە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە درووستبووە. بۆ بەشیك لە خەڵکیش ئەو دەرفەتە زێڕینەیە کە دیجیتاڵمیدیا بۆی رەخساندوون تا لە کۆتوبەندە سیاسی و یاساییەکانی دنیای حەقیقی قورتاریان بیت. هەڵبەت، دیوێکی تاریکیشی هەیە کە زیاتر بۆ بۆختان و ناوزڕاندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکاردێت. بۆیە دیمەنی دنیای مەجازی لە بەینی سیاسەتی ئازادی و دیموکراسی ئەلکترۆنی، فەوزا و هەرکەبۆخۆیی و سەرکوتکاریی ئەلکترۆنیدا رەنگ دەگۆڕێت.

بەگوێرەی راپۆرتێکی داتای دیجیتاڵی جیهان، بەکارهێنانی ئینتەرنیت و سۆشیالمیدیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە خێرایی گەشە دەکات. وامەزندە دەکرێت کە لە سەرەتاکانی 2020دا، لە عێراق نزیکەی 30 ملیۆن بەرکابەری ئینتەرنێت و سەرووی 21 ملیۆن بەرکاربەری سۆشیالمیدیا هەبن. ئەمە بۆ ئێران بە رێژەی 58.42 ملیۆن و 33.40ملیۆن  بێت و، بۆ تورکیا62.07 ملیۆن بە کاربەری ئینتەرنێت و 54ملیۆن بەکاربەری سۆشیالمیدیا و بۆ سووریاش زیاتر لە 8 ملیۆن بەکاربەری ئینتەرنێت و سەرووی 6ملیۆن بەکابەری سۆشیالمیدیا بێت. بێجگە لەوە، وادادەنرێت کە لە شوێنێکی وەکوو سعودیش 25 ملیۆن کەس سۆشیالمیدیا بەکاربهێنێت.[5] هەرچەندە کە بەکارهێنانەکان یەکجۆر و جێگیرنین بەڵام بەگشتی وادەردەکەوێت کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مەیلی بۆ بەکارهێنانی سۆشیالمیدیا زیاتر دەبێت. ئەمە وایکردووە هەتا دنیای مەجازی وەکوو شوێنیکی گرنگی گوزارشتە سیاسی، کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکانی لێ بێت. نەك تەنیا ئەوان بەڵکوو هەندێك لەو سەرکردانەش کە هێشتا دانانی سەتەلایت بۆ وەرگرتنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە وڵاتانی خۆیان قەدەخە دەکەن، دەسبەجێ هەژماری جیاجیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان دانا.  چوونکە ئەمە دەروازەیەکی تازەیە بۆ پڕوپاگەندە و بڵاوکردنەوەی زانیاری و دژەزانیاری لە پێناو مانەوەی دەسەڵات! بۆیە لە تەنیشت پەیج و هەژمارە فەرمییەکاندا، هەزارانی ساختەش درووستبوون کە بۆ پڕوپاگەندە و دژە زانیاری، فوو بە کەڵەشاخدا دەکەن.

سفتوسۆڵیی کۆتوبەندە یاساییەکان بۆ ئازادی رادەربڕین لەلایەك و کارئاسانییەکانی تەکنەلۆژیا و کەمیی چاودێری دەوڵەت لەلایەکی دیکە، وایانکردووە تا خەڵك زیاتر روو لە دنیای ئینتەرنێت بکەن. بەگوێرەی پێنوێنی ئازادی راگەیاندنی رێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور، بێجگە لە ئیسرائیل، سەرجەم وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە پلەکانی سەرووی 100جیی خۆیان کردۆتەوە و هەندێکیشیان، لە ریزەکانی دوای دواوەن.[6] لە رووداوەکانی" بەهاری عەرەبی"، خۆپیشاندان و جەنگی نێوخۆیی سووریا، خۆپیشاندانەکانی لوبنان و عێراق، رووداوەکانی گەزی پارك لە تورکیا و خۆپیشاندانەکانی چەند ساڵی رابردوو لە ئێراندا، سۆشیالمیدیا ڕۆڵی ڕێکخەرانەی بۆ خۆپیشاندان هەبووە و گواستنەوەی دیمەن و بۆچوونەکانیش لە تۆڕانەوە، ئەوانەی فراوانتر کردووە. لە راستیدا، لە سۆشیالمیدیاوە بزاڤە بن رابەر- فرە رابەرەکان زوو زوو درووست دەبن و ئەوانەش، بەرەبەرە رۆڵی دامودەزگا نەریتییەکانی وەك حیزب، دەوڵەت، مزگەوت و بنەماڵەیان بۆ تەیارکردنی جەماوەر لە بزاڤە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا لاواز دەکەن ئەگەر خۆیانی لەگەڵ نەگونجێنن.

**کۆنترۆڵی میدیای نەریتی و دیجیتاڵمیدیا**

لە زیاتر لەیەك دەیەی رابردوودا، زۆرێك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەری خۆیان بە یاسای جۆراوجۆرەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی زیاتری دنیای ئینتەرنێتی ئێشاندووە! ئێران لە ساڵی 2009 یاسای تاوانە کۆمپیوتەرییەکانی دەرکرد، ئەمەش رێك ئەو ساڵە بوو کە خەڵێکی زۆردژی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن رژابوونە سەر شەقامەکان. لە سعودی"نیزامی موکافەحە"ی تاوانەکانی زانیاری لە 2017 دانرا و لە ئیماراتیش، لە 2006ەوە هەتا ئێستا چەندین یاسا بۆ ئەوە دەرکراون. لە عێراقیشدا[7] لە 2019، خوێندنەوەی یەکەم بۆ یاسایەکی هاوشێوە کراوە کە بەهۆی ئەو سزا قورسانەی دایانبوون، مشتومڕێکی زۆری لەسەر کرابوو. ئەمەش دەریدەخات کە ئیدی ئینتەرنێت وسۆشیالمیدیا بۆ سیستەمە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە بووەتە پرسێکی هەنووکەیی!

بەمدواییانە پەرلەمانی تورکیاش یاسایەکی بە ناوی"رێکخستنی پەخش و بڵاوکردنەوەی ئینتەرنێتی و تێکۆشان دژی ئەو تاوانانەی کە لەو رێگایەوە دەکرێن" دەرکردووە. دوای یاسایەك لە 2018 کە رێگەی بە کۆنترۆڵ و چاودێری دامەزراوەی باڵای رادیۆ و تەلەفزیۆن بەسەر

ئینتەرنێت داوە[8]، ئەمە دووەمین یاسایە کە لە تورکیا لەوبارەیەوە دەردەکرێت. باسی پێویستی دەرکردنی ئەم یاسایەش دوای ئەوە گەرمتربوو کە بەرات ئالبایراکی زاوای سەرۆککۆماری تورکیا، لە تویتەرەوە هەواڵی لە دایکبوونی چوارەمین منالی خۆیانی بلاوکردەوە وهەندێك هەژماری تویتەریش، سووکایەتییان بە ئەسرا بایراکتاری هاوسەری کردبوو. دوای ئەوەش ئەردۆغان رایگەیاندبوو کە ئەم جۆرە تۆڕانە لە تورکیا نایێن و هەوڵی داخستنیان دەدەین.[9]هەڵبەت دواتر رایگەیاند کە مەبەستی داخستنی تەواوەتی نەبووە.

لەماوەی نێوان ساڵانی 2007- 2019، حکومەتی ئەنکەرە لانیکەم 13هەزارجار داوای لە تویتەرو فەیسبووك کردووە رێ لە بلاوبوونەوەی هەندێ پەیام و ناوەرۆك بگرێت.[10] بەگوێرەی راپۆرتی کۆمەڵەی ئازادی رادەربڕین[11]، لە 2007وە تا ئێستا لانیکەم 5جار قەدەخە لەسەر یوتوب،3جار لە سەر ویکیپیدیا و چەندجارێکیش لەسەر تویتەر دانراون بەشێك لەوانەش لەبەر هۆکاری سیاسی بوون. وەك بڕیاری داخستنی لاپەڕەی راپرسییەکانی هەڵبژاردنی تورکیا لە 2015 لە ویکیپیدیا و داخستنی تویتەر و یوتوب دوای بڵاوبوونەوەی تۆمارێکی دەنگی هاکان فیدان راویژکاری میت لە 2014، کە دواتر دادگای دەستووری ئەو بڕیارانەی بە پێشێلکاریی وەسفکردن و هەڵیوەشاندنەوە.

پێشتریش تورکیا بە شیوەیەکی ناڕاستەوخۆ، هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی میدیای نەریتیش کۆنترۆڵ بکات و ئالێرەشدا زیاتر وەك زۆرێك لە سیستەمە سیاسییەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لێهاتووە کە میدیاکان بە زۆری موڵکی دەوڵەت و ئەحزابی باڵادەستن. بەگوێرەی پرۆژەی مۆنیتەری خاوەندارێی میدیا-تورکیا، زیاتر لە 40 ئۆرگانی میدیایی گرنگی ئەو وڵاتە لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی گرنگەوە کۆنترۆل دەکرێن،[12] ئەوانەش پێوەندییەکی باشیان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا هەیە. گرووپی دۆغان لە 2007ەوە تووشی گرفتی باج بوو لەگەڵ حکوومەت و دواجاریش، زۆربەی کەناڵ و بڵاوکراوەکانی خۆی بە گرووپی دەمیرئویرەن فرۆشت کە ئەردۆغان دەمیرئویرەنی خاوەنی بە کەسێکی نزیك لە سەرۆککۆماری تورکیا هەژمار دەکرێت. کۆمپانیای بیناسازی کالیۆنجی کە چەندین کەناڵ و دەزگای میدیایی لە گرووپی تورکواز میدیای سەر بە گرووپی چالك کرێوە بە نزیك لە حکومەت هەژمار دەکرێن و لەوەشدا سەرحەد ئالبایراکی برای زاوای سەرۆککۆماریش کە پێشتر لە گرووپی چالکدا کاربەدەست بووە، رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. وەرگیرانی پرۆژەیەکی بیناسازی گرنگ لە ئیستانبول بەناوی گاڵاپورت لەلایەن کۆمپانیایەك کە شەریکی فەرید شاهەنك خاوەنی جینەر گرووپە، ئەو گومانەی درووستکردووە کە جینەرگرووپیش کە میدیای هەیە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ حکومەت بەهێزتر کردووە. ئەمە بێجگە لەوەی کە خودی دەوڵەتیش هاوشێوەی زۆریك لە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست چەندین کەناڵی رادیۆ و تەلەفزیۆنی هەیە.

**ئەنجام**

لە ئاستی جیهاندا رکابەرییەکی بەهێز لەسەر باڵادەستی تەنکەلۆژیای زانیاری هەیە و لێرەش لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، خەمی دەوڵەتان بووەتە کۆنترۆڵکردنی دنیای حەقیقی و دنیای مەجازی. بێجگە لە ئیسرائیل، هەروەها بەدەر لە عێراق و لوبنان کە بەهۆی فرە هێزییەوە دەرفەتێك بۆ هەبوونی میدیای جۆراوجۆرهەیە، تورکیاش بەشێوەی ناڕاستەوخۆ خەریکە بەرێی دەوڵەتانی دیکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا دەچێ. هەرچی بێت، تورکیا بە دیموکراسییە سنووردارەکەی خۆیەوە، بە یەکێك لە نموونە کەمەکانی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەژمار دەکرێ، بەڵام وادیارە، هەرچی دەڕوات، ئەنکەرە زیاتر خووی سیستەمەکانی رۆژهەڵات دەگرێت و لە دیموکراسیی رۆژئاوایی دوورتر دەکەوێتەوە. یاساکەی تورکیا تەنیا لەبەر ئەوە گرنگ نییە کە لەوانەیە کاریگەری لەسەرئازادی، ماف و تاوانەکانی دنیای مەجازی لە تورکیا دابنێت بەڵکوو، لەبەر ئەوەش گرنگە کە دەتوانێت ورەی ئەو دەسەڵاتە سیاسییانەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرزتر بکاتەوە کە بەینیان لەگەڵ ئازادیی ئینتەرنێتی وسۆشیالمیدیادا خۆش نییە.

کۆنترۆڵی ئینتەرنێت بۆ رێگرتن لە تاوان لە وڵاتانی دیموکراتیکیشدا هەیە بەڵام، کێشەکە لەوەدایە کە جیاوازییەکی زۆرلە نێوان پێناسەی دەوڵەتان بۆ تاوان هەیە. لێرە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، زۆر بە ئاسانی، بۆچوونی جیاواز و نارەزایی لە سەرکردە، وەك"تاوان" پێناسە دەکرێت. بەکارهێنانی خراپ و تاوانکارییەکانی وەك ناوزڕاندن و بوختانیش، وەك پاساوێکی بەهێز بۆکۆنترۆڵکردنی دنیای مەجازی بەکاردێت. چارەسەری راستەقینە دیموکراتیزە بوونی دەوڵەتانە لە ژیانی حەقیقی دا. هەروەها وشیاری و بەرپرسیاری کۆمەڵایەتی تاکەکانە بۆ مامەڵەکردنە لەگەڵ بوختان و ناوزڕاندنەکانی دنیای مەجازی وەك ئەوەی لە دنیای حەقیقی دا روودەدات. دوای ئەوە ئەگەر کۆنترۆڵیش بە ئامانجی سیاسەتی دەرەوە یان بۆ رێگرتن لە تاوان هەبێت، بابەتێکی دیکە دەبێت.

[1] -یاسای ژمارە 7253، رۆژی 27/7/2020

[2] -زێر ئاماژەیە توانای ئابووری و سەروەت، زۆریش ئاماژەیە بە هێز، بە گشتیش ئاماژەیە بە روانگەی تافلەر بۆ وەرگۆڕانی هێز.

https://www.tepav.org.tr/tr/blog/s/6745/Amerikanin+Tik+Tok+ile+imtihani _ [3]

https://www.nytimes.com/2020/06/29/world/asia/tik-tok-banned-india-china.html- [4]

https://datareportal.com _ https://wearesocial.com/digital-2020_ [5]

https://rsf.org/ar/ranking- [6]

https://ar.parliament.iq/2019/01/12/%d9%82%d8%a7%d9%86%d9%88%d9%86 _[7]

RTÜK Torba Yasası-2018 _ [8]

https://www.bbc.com/turkce/haberler-turkiye-53250664 _ [9]

https://www.bbc.com/turkce/haberler-turkiye-53259839 _ [10]

https://ifade.org.tr/reports/EngelliWeb_2019.pdf _ [11]

/http://turkey.mom-rsf.org/tr/medya-sahipleri/sirketler_[12]